لِمَاذَا يَذْهَبُ فِكْرِي فِي الصَّلَاةِ

# بۆچی لەناو نوێژدا هۆش و فیکرم دەڕوات



نووسینی

ئازاد فائق پێنجوێنی

چاپی یەکەم

٢٠٢١-١٤٤٢

## ناوەڕۆکی نوسین

| | |
|---|---|
| بابەت | بۆچی لەناو نوێژدا هۆش و فیکرم دەڕوات |
| نوسینی | ئازاد فائق پێنجوێنی |
| ژ. لاپەڕە | ١٥ |
| ساڵی چاپ | ١٤٤٢ک- ٢٠٢١ز |

# پێشەکی

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

**الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على رسوله الأمين محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾[آل عمران: ١٠٢ ].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾[النساء: ١].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾[الأحزاب: ٧٠-٧١].

أما بعدُ:

فإن أصدق الحديث كتاب الله، وخير الهدي هدي محمدﷺ، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار.

**پێم خۆش بوو لەسەر بابەتێك بدوێم کەلای زۆرێك لەمسوڵمانان بووەتە جێی پرسیارو بەدوای وەڵامەکەیدا دەگەڕێن، ئەویش: (بۆچی لەناو نوێژدا هۆش و فیکرم دەڕوات؟)، هۆکارەکانی بێ ئاگابوون لەنوێژ چین؟ وە چارەسەر چییە بۆ ئەو کارە لەقورئان و سوننەتدا؟ هەروەها چۆنییەتی نوێژی پێغەمبەرﷺ چۆن بووە؟ بەپشتیوانی خوای پەروەردگار بەکورتی باسێکی ئەو بابەتە دەکەین، هەرچەندە ئەم بابەتە زۆر لەوە زیاتر لەخۆ دەگرێت شیکاری زیاتری دەوێت، داواکارم لەخوای بەئاگا و بەڕەحم ئەم نووسینە بکاتە مایەی خێر بۆ مسوڵمانان، هەروەها بیکاتە توێشوی قیامەت بۆ ئێمەش... ئامین.**

سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك وأتوب إليك، وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

**ئازاد پێنجوینی**
سلێمانی/ ئازادی
شەوی سێ شەممە
٢٦/جماد الثاني/ ١٤٤٢ی کۆچی
٢٠٢١/٢/٨ی زاینی

## پێناسەی نوێژ (الصلاة) لە زمانەوانی و لەشەرعدا

**واتای نوێژ لە زمانەوانیدا:** واتە: (الدعاء) واتە: پاڕانەوە.

**وەلە شەرعدا:** بریتیە لە پەرستنی خوای پەروەردگار بەچەند گوفتار و کردارێك کە بەالله أکبری سەرەتای نوێژ دەست پێ دەکات و بە سەلامدانەوە کۆتایی پێ دێت، وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ ﴿٤٣﴾﴾. [البقرة]، واتە: ﴿نوێژ بکەن﴾.

## حوکمی نوێژ

**نوێژ واجبە** لەسەر هەموو (مسوڵمانێکی، عاقڵی، باڵغ)، بۆ پیاوان لەمزگەوت بەجەماعەت مەگەر عوزری شەرعی هەبێت، وە بۆ ئافرەتان لەماڵەوە.

## هەندێک لەهۆکارەکانی بێ ئاگابوون لەنوێژ

بیست خاڵ لەو هۆکارانەی دەبنە هۆکاری ئەوەی مسوڵمان لەناو نوێژدا هۆش و فیکری لای نوێژەکەی نەمێنێت، لەوانە:

١. سەیر نەکردنی جێی سوجدە لەکاتی نوێژدا.
٢. نەزەرکردن و نەپاراستنی چاو لەگوناح و تاوان.
٣. نوێژکردن لەسەر فەرش و ڕاخەری ڕەنگاو ڕەنگ.
٤. بیر کردنەوە لەماڵ و سامانی دنیا.
٥. بیرکردنەوە لە خۆشی و شەهوەت و ئارەزووەکانی دنیا.
٦. خواردنی ماڵ و سامانی حەرام.
٧. غەیبەتکردن و جاسووسی.
٨. سوو(ڕیبا) خۆری.
٩. دەست بردن بۆ حەرامکراوەکانی خوا.
١٠. پۆشینی جل و بەرگی حەرام و ناشەرعی.
١١. سوێند خواردنی درۆ.
١٢. فێڵ و غەشکردن.
١٣. درۆکردن.
١٤. خیانەتکردن.
١٥. ڕیابازی.

١٦. خواردنی ماڵی بێ باوك.

١٧. داگیر كردنی ماڵی خەڵكی بەناحەق.

١٨. نەدانی زەكات و خێر و صەدەقە.

١٩. بێبەشكردنی هەندێك لەمیراتگران بەتایبەت ئافرەتان.

٢٠. بەجێ نەگەیاندنی سیلەی ڕەحم.

هەریەك لەم هۆكارانە و چەندین هۆكاری تر هەیە كەهاوكاری شەیتان دەكات بۆ ئەوەی وابكات مسوڵمان لەناو نوێژەكانیدا هۆش و فیكری لای نوێژەكەی نەمێنێت و هۆشی بڕوات بۆ شوێنێكی تر و ئەنجام دانی كارێكی تر هەتا نوێژەكەی تەواو دەكات، دواتر شەیتان لەخەیاڵ و بیركردنەوەی ئەو كەسە دەردەچێت و كاری بەوكەسە نامێنیت، چونكە كاری شەیتان تەنها ئەوەندەیە كەنەهێڵێ نوێژەكەی قەبوڵ بێت دواتر كاری پێی نامێنێت و دەڕوات.

## چارەسەرەكانی قورئان و سوننەت، هەروەها قسەی زانایان دەربارەی هۆش و فیكر ڕۆشتن لەناو نوێژدا

### هۆكارو چارەسەر لەقورئاندا

- خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْبَيْعُ مِثْلُ ٱلرِّبَوٰاْ ۗ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلْبَيْعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْ ۚ ﴿٢٧٥﴾﴾. [البقرة]. واتە: ﴿ئەوە بەهۆی ئەوەوەیە سوود خۆران وتیان: كڕین و فرۆشتن وەك سوود وایە لەكاتێكدا خوا ڕێی داوە بە كڕین و فرۆشتن بەڵام سوودی قەدەغە كردووە﴾.
- هەروەها دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَٰلَ ٱلْيَتَٰمَىٰ ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِى بُطُونِهِمْ نَارًا ۖ وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا ﴿١٠﴾﴾ [النساء]. واتە: ﴿بەڕاستی ئەو كەسانەی كە بە ستەم و ناڕەوا ماڵی هەتیوەكان دەخۆن، بەڕاستی ئەوانە بەس لەسكی خۆیان ئاگر دەخۆن، وە لەمەو دواش دەچنە ئاگرێكی بەتین و هەڵگیرساوەوە﴾.
- هەروەها دەفەرمووێت: ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓ ۗ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢١﴾﴾ [الأنعام]. واتە: ﴿كێ ستەم كار ترە لەوكەسەی درۆ هەڵدەبەستێ بەدەم خواوە یا بێ باوەڕ بووبێ بە ئایەتەكانی (بەڵگەكانی) خوا، بەڕاستی ستەم كاران ڕزگار نابن﴾.
- هەروەها دەفەرمووێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجْتَنِبُواْ كَثِيرًا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ ٱلظَّنِّ إِثْمٌ ۖ وَلَا تَجَسَّسُواْ وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا ۚ ﴿١٢﴾﴾. [الحجرات]. واتە: ﴿ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە خۆتان لەزۆرێك لە گومانەكان بپارێزن" چونكە بەڕاستی زۆرێك لە گومانەكان تاوانن، وە

سیخوڕی مەکەن (بەدوای ناتەواوی یەکتردا مەگەڕێن) وە لە پاشملە بەخراپە باسی یەکتری مەکەن﴾.

- هەروەها دەفەرموویت: ﴿ وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ ﴿٤٣﴾ ﴾. [البقرة]. واتە: ﴿نوێژ بکەن و زەکات بدەن﴾.
- هەروەها دەفەرموویت: ﴿ إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحْمَ ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ بِهِۦ لِغَيْرِ ٱللَّهِ فَمَنِ ٱضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَآ إِثْمَ عَلَيْهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٧٣﴾ ﴾. [البقرة]. واتە: ﴿ئەوەی (کە خوا) قەدەغەی کردووە لێتان تەنها مردارەوە بوو و خوێنی (ڕەوان) وە گۆشتی بەراز و ئەوەی کە سەربڕابێ بەناوی غەیری خواوە، ئینجا هەرکەسێك ناچار بوو (بەخواردنی یەکێك لەمانە) بەبێ یاخی بوون و دەرچوون لەسنوور ئەوە هیچ گومانێکی لەسەر نییە، بێگومان خوا لێخۆش بووی میهرەبانە﴾.

## هۆکارو چارەسەر لەفەرموودەکانی پێغەمبەرﷺدا.

- هەروەها پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ﴿إِذَا ظَهَرَ الزِّنَا وَالرِّبَا فِي قَرْيَةٍ، فَقَدْ أَحلُّوا بِأَنْفُسِهِمْ عَذَابَ اللَّهِ﴾ حسن: رواه لطبراني في (الكبير): (٤٦٠). ينظر: صحيح الترغيب والترهيب: (١٨٥٩). واتە: ﴿هەرکاتێك زینا و ڕیبا خۆری لەهەر گوند و شار و شوێنێکدا دەرکەوت، ئەوە بەدەستی خۆیان سزای خوایان بۆ خۆیان حەڵاڵ کردووە﴾.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿مَنْ سَمَّعَ سَمَّعَ اللَّهُ بِهِ، وَمَنْ يُرَائِي يُرَائِي اللَّهُ بِهِ﴾ صحيح: رواه البخاري: (٦١٣٤). واتە: ﴿هەرکەس بەدوای ناوبانگ بگەڕێ، خوا ناوی دەرزێنێ، وەهەرکەسیش ڕووپامایی و ڕیا بکات، خوا لەبەرچاوی خەڵکی سوکی دەکات﴾.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿لَا يَدْخُلُ الجَنَّةَ قَتَّاتٌ﴾ صحيح البخاري: (٦٠٥٦). واتە: ﴿ناچێتە بەهەشتەوە ئەوکەسەی قسە بێنەو بەرە دەکات﴾.

- هەروەها فەرموویەتی: ﴿أيُّهَا النَّاسُ أَفْشُواْ السَّلاَمَ، وَأَطْعِمُواْ الطَّعَامَ، وَصِلُواْ الأَرْحَامَ﴾ صحيح: رواه ابن ماجه: (١٣٣٤). ينظر: صحيح الترغيب والترهيب: (٦١٦). واتە: ﴿ئەی خەڵکی سەلام لەیەکتری بکەن، وە خواردن بدەن بە هەژار و نەدار و کەم دەست، وە پەیوەندی خزمایەتی بەجێ بگەیەنن و سیلەی ڕەحم بگەیەنن﴾.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿أنَّ الصَّدَقَةَ تُدْفَعُ الْبَلاَء﴾ فتح الباري شرح صحيح البخاري: (٣٧١/٢). واتە: ﴿بەڕاستی بەخشین و خێرکردن دەفعی بەڵاو موصیبەت دەکات و لای دەبات﴾.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿مَنْ غَشَّ فَلَيْسَ مِنِّي﴾ صحيح مسلم: (١٠٢). واتە: ﴿هەرکەسێك غەش بکات لە من نیە﴾، واتە: لەهەر کارێکدا غەش بکات.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿آيَةُ المُنَافِقِ ثَلاَثٌ: إِذَا حَدَّثَ كَذَبَ﴾ صحيح البخاري: (٣٣). واتە: ﴿نیشانەی کەسی دووڕوو سێ شتە: کاتێ قسە دەکات درۆ دەکات﴾.
- هەروەها لەڕیوایەتێکدا کە دایکی ئیمانداران عائیشە(رضي الله عنها) بۆمان دەگێڕێتەوە کەپێغەمبەرﷺ نوێژی دەکرد بینیی ڕاخەرێکی ڕەنگاو ڕەنگ لەبەردەمیدا ڕاخرابوو، فەرموویﷺ: ئەمە هی کێیە؟ ئەویش فەرمووی: هی ئافرەتێکە هێناویەتی بۆمان، پێغەمبەریشﷺ فەرمووی: خەیاڵمی برد لەکاتی نوێژەکەمدا بیبەرەوە بۆی.

ئەگەر سەیری هەریەك لەم خاڵانە بکەین هەروەها سەیری ئەم ئایەت و فەرموودانە بکەین زۆر بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە ئێمە پێش ئەوەی بچینە ناو نوێژەوە زۆر شت هەیە پێویستە خۆمانی لێ بپارێزین و خۆمانی لێ بەدوور بگرین، هەروەها چەند کاری تر هەیە پێویستە ئەنجامی بدەین" بۆئەوەی لەکاتی نوێژەکانماندا بتوانین هۆش و فیکرمان نەڕوات و ئاگادار بین لەوەی بزانین لەگەڵ کێ دەدوێین و وتو وێژ دەکەین، وە بۆکێ نوێژ دەکەین و ڕوو لەکوێ دەکەین، ئەوکات دەتوانین بزانین بۆچی هۆش و فیکرمان لای نوێژەکانمان نامێنێت.

## تێڕِوانینی زانایان لەو بارەیەوە:

### نوێژکردن تەنها ڕکوع و سجود نییە

کەواتە: نوێژکردن تەنها ڕوو کردنە قیبلە و ڕکوع و سوجدە بردنێکی هاوشێوەی ڕیازە نییە، بەڵکو بەئاگابوونە لەوەی چی دەڵێیت و لەگەڵ کێ وتو وێژ دەکەی.

### نموونەی سەربازێک

بۆیە ئەگەر نموونەیەك بێنینە بەرچاوی خۆمان و بڕوانین، کاتێك سەربازێك لەکاتی دەوامەکەیدایە و لەبەردەم بەڕیوەبەرەکەیدا دەوەستێت و قسەی لەگەڵ دەکات، چەند بە حەزەرو بەترسەوە دەوەستێت و قسە دەکات، بەس بیر لەوە دەکاتەوە چی بکات تا بەڕێوەبەرەکەی دڵی لێی نەڕەنجێت و لێی توڕە نەبێت، دەی نموونەی بەرزو بەڕێز بۆ خوای تاك و تەنها، تۆ کاتێك لەبەردەم خوایەکدایت کە (الخَالِق، الرَّحمن، الرَّحيم، الْمَلِك، العَزِيز، الجبَّار)ە لەهەموو کەس بەدەسەڵاتترو بەتواناترو گەورەترو میهرەبانترە، دەی بۆ لەبەردەم ئەو خوایەدا بەڕێکی ناوەستیت و تێ نافکریت لەگەڵ کێ قسە دەکەیت و چی دەڵێیت؟ مەگەر نازانیت ئەو خوایە هەر ئەو خوایەیە کە: ﴿فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ، فَإِنَّهُ يَرَاكَ﴾ صحيح البخاري: (٤٧٧٧)، الحديث القدسي. واتە: ﴿کەتۆ ئەو نابینیت، خۆ ئەو تۆ دەبینێت﴾.

## بیرکردنەوە لەدەسەڵاتی خوا

ئەگەر بەم شێوەیە بیر لەخوای پەروەردگار بکەیتەوەو ترسی ئەوت لەدڵدا هەبێت و خۆشت بوویێت و بەوشێوە بیری لێ بکەیتەوەو بەندایەتی بۆ بکەیت کەلەبەردەمیدا ڕاوەستاویت و دەیبینیت، خۆ ئەگەر تۆش ئەو نەبینیت ئەو تۆ دەبینێت، ئەوکاتە بەشێوەیەکی وا نوێژەکەت ئەنجام دەدەیت کە نەفیکرو خەیاڵت دەڕوات، وە نەبێ ئاگا دەبیت لەوەی چەند ڕکات نوێژت کردووەو چیت وتووە.

## نوێژ کردنێک کەکۆتا نوێژت بێت

هەرکات نوێژت کرد وابێنە بەرچاوی خۆت کە کۆتا نوێژە ئەنجامی دەدەیت و دواتر دەمریت، وە کەنوێژەکەت دەستپێکرد" لەفکری خۆتدا بەهەشت لای ڕاستت دانبێ و دۆزەخیش لای چەپت، وە وابزانە کەمردی و نوێژەکەت بەباشی ئەنجام بدەیت ئەوە جێگات بەهەشتە، خۆ ئەگەر نوێژەکەت بەبێ ئاگایی و ناڕێکی ئەنجام بدەیت و ئاگات لێی نەبێت ئەوە جێگات دۆزەخە، ئەوکاتە چێژ لەو عیبادەتەت وەردەگریت و عیبادەتەکەت قەبووڵە إن شاء الله.

## سەیرکردنی جێی سوجدەکەت

لەکاتی نوێژدا سەیری جێی سوجدەکەت بکە (ئەوشوێنەی ناوچاوانتی لەسەر دادەنێیت)، چاو مەگێڕە بەملاو لادا، بەم شێوەیە خەیاڵت ناڕوات و هۆشت لای نوێژەکەت دەبێت، وەپێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ﴿فَإِذَا صَلَّيْتُمْ فَلَا تَلْتَفِتُوا﴾ صحيح: رواه الترمذي: (٢٨٦٣). واتە: ﴿کاتێ نوێژتان کرد ئاوڕ مەدەنەوە بم لاو لادا(سەیری ئەم لا و لا مەکەن)﴾.

## خۆ دور گرتن لە نەزەرکردن و سەیرکردنی نامەحرەم

نەزەرکردن و سەیرکردنی نامەحرەم یەکێکی ترە لەوهۆکارانەی کە مێشکی مرۆڤ زۆر مەشغوولّ و مشەوش دەکات و وای لێ دەکات هەمووکات تەرکیزی لای خۆی نەمێنێت چ لەکاتی نوێژ کردندا بێت یان هەرکارێکی تر بێت، وە ئەمەش زۆر کات لەناو خێزانەکاندا دەبێتە هۆکاری کێشە دروست کردن و ئاژاوە نانەوە، هەروەها لەکاتی نوێژ کردنیشدا ئاگای لەنوێژەکانی نامێنێت، بۆیە زالّ بوونت بەسەر چاوەکانتدا و داخستنیان لەکەسانی نامەحرەم دڵی ڕەقت نەرم دەکات و بێزاری و ناڕەحەتییەکانت لادەبات و کێشەی ناو خێزانیشت کەم دەکاتەوە، وە پێغەمبەرمانﷺ دەربارەی نەزەر فەرموویەتی: ﴿فَزِنَا العَيْنِ النَّظَرُ﴾ صحيح البخاري: (٦٦١٢)، واتە: ﴿زینای چاو نەزەر کردنە (سەیر کردنی نامەحرەم)﴾.

## نوێژکردن لەکاتی ئامادە بوونی خواردندا

کاتێك دەتەوێت نوێژبکەی باکاتی نان خواردن نەبێت“ چونکە لەوکاتەدا هۆشت دەچێتە لای خواردنەکەت و ئاگات لەنوێژەکەت نامێنێت، بەم شێوەیەش نازانی چی دەڵێیت و نوێژ بۆ کێ دەکەیت، هەربۆیە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ﴿لَا صَلَاةَ بِحَضْرَةِ الطَّعَامِ﴾ صحيح مسلم: (٥٦٠). واتە: ﴿نوێژ ناکرێت کاتێك خواردن ئامادە بێت﴾، ئەمەش بۆ ئەوەیە هۆشت نەچێت بەلای خواردنەکەدا و ئاگات لەنوێژەکەت نەمێنێت.

## تێگەیشتن لەمانای وشەکانی نوێژ

گەردەتەوێت زۆر بەباشی هۆشت لای نوێژەکەت بێت" ئەوە هەوڵبدە لەمانای ڕستەکانی نوێژەکە تێبگەی، بەم شێوەیەش خشوعی زیاترت بۆ دروست دەبێت و ئاگات لەنوێژەکەت دەبێت.

## ئامادەبوونی نوێژی جەماعەت

گەر دەتەوێت هۆشت لای نوێژەکەت بێت هەوڵبدە هەمووکات نوێژەکانت بە جەماعەت ئەنجام بدەیت" چونکە لەنوێژی بەکۆمەڵدا کەمتر خەیاڵت دەڕوات و پاداشتی زیاتریشت دەست دەکەوێت، هەربۆیە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ﴿صَلَاةُ الْجَمَاعَةِ أَفْضَلُ مِنْ صَلَاةِ الْفَذِّ بِسَبْعٍ وعِشْرِيْنَ دَرَجَة﴾ متفق عليه: رواه البخاري: (٦١٩)، ومسلم: (٦٥٠). واتە: ﴿نوێژی بەکۆمەڵ خێری زیاترە لەنوێژی تاك بە(٢٧) بیست و حەوت پلە﴾. وە لەڕیوایەتێکی تردا بە (٢٥) بیست و پێنج پلە.

## ئامادەبوون بۆ نوێژی (بەیانی و خەوتن)

هەولبدە هەمووکات بۆ نوێژی بەیانی و نوێژی خەوتن ئامادە بیت" چونکە نوێژ لەو دوو کاتەدا زۆر قورس و گرانە لەسەر کەسی دوو ڕوو (موونافیق)، هەروەکو پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ﴿لَيْسَ صَلَاةٌ أَثْقَلُ عَلَى الْمُنَافِقِيْنَ مِنْ صَلَاةِ الْفَجْرِ وَالْعِشَاءِ، وَلَوْ يَعْلَمُونَ مَا فِيْهِمَا لَأَتَوْهُمَا وَلَوْ حَبْواً﴾ متفق عليه: رواه البخاري: (٦٢٦)، ومسلم: (٦٥١). واتە: ﴿هیچ نوێژێك قورس و گرانتر نییە لەسەر دوو ڕووەکان لەنوێژی بەیانی و خەوتنان، ئەگەر بیان زانیایە ئەو دوو نوێژە چەندیان خێر تێدایە بەگاگۆڵکێش بوایە بۆی دەچوون﴾، بۆئەوەی لەدوو ڕوویی بەدوور بیت و زیاتر هۆشت لای عیبادەتەکانت بێت و شەیتان مەشغوڵت نەکات بەشتانی غەیری نوێژەکانتەوەو خۆت لێ بەدوور بگرێت، ئەوە تۆ لەم دوو نوێژەو باقی نوێژەکانی تردا بەژداربە لەنوێژە بەکۆمەڵەکاندا.

## خوای پەروەردگار موحتاجی نوێژی تۆ نییە

خوای پەروەردگار موحتاجی عیبادەتی تۆ نییە، بەڵام تۆ موحتاجی قەبووڵ بوونی عیبادەتەکەتی، بۆیە بەو شێوەیە ئەنجامی بدە کە جێی ڕەزامەندی خوا بێت" چونکە ڕۆژێك دێت کە ئەو عیبادەتەت فریات دەکەوێت و ڕزگارت دەکات لە ئاگری بەکوڵ و بەئێش و ئازار، دەی بڕیار بدە لەدوای خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیە ئیتر ئاگاداری چۆنییەتی عیبادەتەکانت بیت جا چ نوێژ بێت یان زەکات یان ڕۆژوو یان حەج یان هەر عیبادەتێکی ترت، ئەوەش بزانە تەمەنت بەشێکی ڕۆشتووە و بەشێك یان کەمتر لەبەشێکی ماوە، وە غەیری خوا کەس نازانێت کەی کاتی گەڕانەوەتە بۆ ئەو دونیا، وە مردنیش زۆر بووە، وە نزیکە تۆش یەکێك بیت لەو مردووانە، بۆیە هەوڵ بدە جوانترین و دروستترین عیبادەت ئەنجام بدەیت.

# کۆتایی

لەکۆتاییدا داواکارم لەخوای بالآدەست ئەم نووسینە بکاتە مایەی خێر بۆ گشت مسوڵمانان، خوای پەروەردگار یارمەتیمان بدات و بەرچاو ڕوونی زیاترمان پێ بدات لە ئەنجامدانی عیبادەتەکانماندا، وە بتوانین ئەو نوێژەی ئەنجامی دەدەین هۆش و فیکرمان لەلای ماناو مەبەستی بێت، وە بزانین ڕوو لەکێ دەکەین و چ گفتو گۆیەکی لەگەڵ دەکەین.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين، وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك وأتوب إليك.

**ئازاد پێنجوینی**
سلێمانی/ ئازادی
شەوی سێ شەممە
٢٦/جماد الثاني/ ١٤٤٢ی کۆچی
٢٠٢١/٢/٨ی زاینی

قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ:

«أَنْ تَعْبُدَ اللَّهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ».

رواه البخاري: (٥٠)، ومسلم: (٨).

واتە: ﴿بەو شێوەیە خوا پەرستی بکە کە خوا دەبینیت، خۆ ئەگەر تۆ ئەو نابینیت ئەو تۆ دەبینێت﴾.

